# ڕێنموونی لەمەڕ بیمەی بەرپرسیارەتی و پاراستنی کەسی سێهەم بۆ دەمڕاست و سەرپەرشتیاری خۆبەخش

1. هەر لەوکاتەوە کە ئێوە داواکراون بۆ سەرپەرشتیاری ـ بە بێ ئەوی شەرح و داوایێکی‌تر پێشکەش بکەن ـ لەناو بیمەیێکی بە کۆمەڵدا خراونەتە سەر بیمەی زەمانەت و پاراستن و بیمە کراون، ئەو بیمەی کە لە نێوان وەزارتخای دادوەری لە ئەیالەتی "نیدرزاکسن" لە گەڵ شەریکەی بیمەی "لاندشافتلیشە ـ براندکاسە" ڕێکەوتنی لەسەر کراوە. مەگەر ئەوەی کە ئێوە هاوکار و کارمەندی سرویسێکی سەرپەرشتیاری یان ئیدارەیەکی سەرپەرشتیاری نەبن، یاخود ئەوەی کە ئێوە بۆخۆتان کەسێکی بە پیشە سەرپەرشتیار بن. ئەم بیمەیە هەموو ئەو زەرەروزیانانە ئەگرێتەخۆ کە لە لایەن ئێوەوە خرابێتەسەر کەسانی سەرپەرشتی لێکراو یان ئەوەی لەم ڕێگایەدا بۆ ئێوە بتوانێ بێتە پێشەوە، کە ئێوە بەرپرسیارن لە زەرروزیانی لایەنی سێهەم کە لە لایەن ئێوەوە بەریان کەوتووە و دەبێ بیدەنەوە یان بۆیان ببژێرنەوە. زەمانەت و پاراستنی بیمەیی هەروەها ئەو دواوا و ئیدعا بەرپرسیارییانە دەخاتە ژێر چەتری خۆی کە کەسێک لەوانەی ئێوە سەرپەرشتی دەکەن ـ بگرێتەوە ـ کە سەر بە ئێوەیە و لە گەڵ ئێوەدا لە مالەوە پێکەوە ئەژی.

ئەگەر سەرپەرشتی لێکراوان خۆیان بیمەی یاسایی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەمیان (هافت پفلیشت فێرزیشێرونگ) نەبێ، ئەوا لەم حاڵەتەدا بە پێی ئیمکان بەستنی ڕێکەوتننامەیێکی‌تر ئیزافە و لە لاوە بۆ بیمەی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەم دەگیرێتە بەرچاو.
بیمە ئەو داوا و ئیدعایانەش ئەگرێتەخۆ کە لەبەر داخوازی گەڕاندنەوەی یارمەتی ماددی کۆمەڵایەتی بێتە پێش.
لە چوارچێوەی ئەم بێمە بە کۆمەڵەدا ئاستی ئەو بڕەی کە بیمە لەخۆی دەگرێ بەم شێوەی خوارەوەیە:

a. بۆ هەر ڕووداوێکی بیمەیی ۲٥۰،۰۰۰ ئویرۆ، بۆ قەرەبووکردنەوەی زەرەروزیانی ماددی لە چوارچێوەی بیمەی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەم (هافت پفلیشت فێرزیشێرونگ)

b. ۱،٥۰۰،۰۰۰ (یەک و نیو ملوێن) ئویرۆ لەسەریەک بۆ کەسەکان یان ئەو زەرەرە کەوتووەکان. لە چوارچێوەی گشتی بیمەی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەمیان (هافت پفلیشت فێرزیشێرونگ)

هیچ بڕەپارەیێک یان پشکێک لە لایەن ئێوەوە (نادرێ) بەرزناکرێتەوە.

بیمە ئەم داوا و ئیدعایانەی زەمانەت و پاراستن ناگرێتەخۆ کە بەم هۆیانەوە هاتبنەپێش:

a. ئەو زەرەروزیانانەی کە بە هۆی ئەنجامدانی کاری خەملاندن، پاشەکەوت و بەراورد بە هیوای قازانج و هەروەها کاری ڕێکخستن و وەگەڕخستنی پارەوە کەوتبێت.

b. ئەو زەرەروزیانانەی کە هاتبنە پێشەوە، لە حالێکدا کە ڕێکەوتننامەی بیمەکە مۆر نەکرابێ، یان بە ڕێکوپێکی مۆر نەکرابێ، ئامادە نەکرابێ و نەچوبێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەوحاڵەشەوە بیمە ئەو زەرەروزیانانە دەگرێتە خۆی، کە لەم ڕێگایەوە هاتبنە پێش کە کەسی سەرپەرشتیار دەرفەتی قەراردادی پێویست بۆ بیمەیێکی خزمەتگوزاری سلامەتی و نەخۆشی دڵخوازانەی بۆ ئەو کەسانەی سەرپەرشتی دەکات لە دەست چووبێ.

c. ئەو زەرەروزیانانەی کە بە هۆی بەکارهێنانی سەیارەیێکەوە یان یەدەکی (عەرەبانەی) سەیارەیێکەوە دروست بووبن.

d. دروستکردنی زەرەروزیانی بە ئانقەست

2. ئەگەر هاتوو لە لایەن کەسانی سەرپەرشتی‌لێکراوی ئێوەوە، یان لە لایەنی سێهەمەوە بە هۆی بەرەوپێش بردنی کاری سەرپەرشتیارییەوە ئیدعا و داوییێکی قەرەبووکردنەوە بێتە پێشەوە، ئەبێ ئێوە ئەم شتە یان ئەم بابەتە ـ بۆ ئەوەی بەرئەنجامی خراپی بۆ ئێوە لێنەکەوێتەوە ـ بە پێی ئیمکان هەرچی زووتر ئەم شوێنە ئاگادار بکەنەوە:

Landschaftliche Brandkasse Hannover

SD-H-3,

Telefon (0511) 362-1613

Hannover 30140

نامەیێکی پشتراستکردنەوەش لە لایەن دادگای سەرپەرشتی تایبەت، کە ئێوە یەکێکن لە بازنەی ئەو کەسانەی کە بیمەی بەکۆمەڵی سەرپەرشتیاری دەیانگرێتەوە، وەربگرن و وەک پەیوەست رەوانەی بکەن.

ئێوە لە جیاتی ئەوەش ـ وەک پەرپرسیارەتی خۆتان هەروەها ئەتوانن ـ دادگای سەرپەرشتیاری ئاگادار بکەنەوە ـ بەڵام دیسانیش بە پێی ئیمکان هەرچی زووتر. داواش بکەن کە بۆ ناساندنی ئەم زەرەروزیانە بە بگەیێنە دەست شەریکەی بیمەی "لاندشافتلیشە ـ براندکاسە"

تکایە ئەو زەرەروزیانانەی کە دەچێتەوە سەر ئەو داوا و رێکەوتننامە بیمەییانەی کە بۆ خۆتان بەستوتانە، بە بێ ئەوەی لە لایەن دادگای سەرپەرشتیارییەوە داواتان لێبکرێ ـ بۆخۆتان بینێرن بۆ بیمەکەتان.

3. خەرج و باجی بیمەی زەمانەت و پاراستن بۆ ئێوە پێشاوپێش و خێرا، نادرێ و دەستەبەر ناکرێ. ئەگەر بێتوو ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرێ بۆخۆی بێ ئەنوا نەبێت و ئێوەش بەم بۆنەوە مافی ئەوەتان نابێ کە بتوانن لە سندوقی دەوڵەت خەرج و باجەکانی وەربگرن. (پاراگرافی ١٨٣٥ بڕگەی ٤ یاسای شارۆمەندی ـ مەدەنی). لەگەڵ ئەوەشدا ئەو مافە هەر بۆ ئێوە ئەمێنێتەوە کە پاداشتی سالانە لە زووترین کاتەوە بۆ داهاتوو حساب دەکرێ.

لە رێگای یاسای سەرپەرشتیاری و بە پێی قانون دەستنیشان کراوە کە خەرج و باجێکی گونجاو بۆ بیمەی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەم (هافت پفلیشت فێرزیشێرونگ) ی سەرپەرشتیاران بۆ توانایی لە قەرەبووکردنەوەی خەرج و باجی زەرەروزیانەکان بە پێی پاراگرافەکانی ١٨٣٥، بڕگەی ٢.ئێس ١ و ١٩٠٨ ئیی یاسای مەدەنی دەیانگرێتەوە.

4. ئەگەر بێتوو ئێوە لەسەر حسابی دارایی و ماڵی ئەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکەن بە پێی بەر پرسیارەتیتان ئەوە بە ئەستۆی بگرن کە بەشی زەمانت و پاراستنی بیمە دەکات (ئەو داراییە) ، ئەتوانن خەرج و باجێکی گونجاو بۆ بیمەی بەرپرسیارەتی تاکە کەسی لەبەرامبەر کەسی سێهەم (هافت پفلیشت فێرزیشێرونگ) لە دارایی کەسێک کە سەرپەرشتی دەکەن بدەن (ببژێردرێ).

ئێوە ئازادن لەوەی کە رێکەوتنی پاراستن و زەمانەتی بیمەیی لە لای هەر شەریکەیێکی بیمە بە پێی هەڵبژادەیی خۆتان ببەستن و داوای بکەن. ئێمە لە گەڵ ئەوەشدا لەو ئیمکانە ئاگادارتان ئەکەین کە بە هۆی رێکەوتننامەیێکی مۆرکراو لە چوارچێوەی رێکەوتنی بیمەی زەمانەت و پاراستنی لە گەل "لاندشافتلیشە ـ براندکاسە"ی هانۆڤێر بە حەقە بیمەیێکی بەرز ئەتوانن داوای بکەن.

5. زەمانەت و پاراستنی بیمەیی لە رێگای بیمەی بە کۆمەڵ تەواو ئەبێت، ئەوکاتەی کە:
- سەرپەرشتیاری لە رێگای هەڵوەشاندنەوەی یاسایی تەواو دەبێت.
- بە دەرکردن یان مردنی سەرپەرشتیار
- لە گەڵ مردنی کەسی سەرپەرشتی لێکراو

ئاماژە و زانیاری:

سەرپەرشتیار لەو بڕگەیەی ئاخردا ئیجازەی هەنگاوهەڵێنانی نیەو ئەرکی ئەویش نیە. تەنزیم کردنی رێورەسمی ناشتن و تەنزیم کردنی میرات بەشێک نین لە ئەرکەکانی سەرپەرشتیار و ئەو ناگرنەوە، لەهەرحاڵدا رێگاپێدراون بۆ پێویستی بەرەوپێشبردنی کاروباری بازرگانی ـ یانی ئەو کاروکەسابەتەی کە ناتواندرێ بە بێ مەترسی دوابخرێ ـ هەتا ئەوکاتەی کە میراتبەرەکان بۆخۆیان لە لایێکیترەوە ئەتوانن مشورێکی بۆ بخۆن یان بگەنە رێگا چارەیێک.

6. لەبنەڕەتا بەکردەوەدەرهێنان و شیوەکانی ئەو بابەتەی سەرەوەش هەر دەگرێتەوە بۆ سەرپەرشتیار و شوێنی شیاو بۆ ئەمەش لێرەدا دادگای خاوخێزانیە.

7. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر ئەم بابتە تکایە پێوەندی بکەن بەم شوێنەوە بکەن:

1. örtlichen VGH-Vertretungen

oder an die

2. Landschaftliche Brandkasse Hannover

   IH 2,

   Telefon (0511) 362-3889

   Hannover 30140